# گروهی از شاعران کاکه‌یی منطقه کرکوک

محمد احمد سعید (کساس جباری)[1]

تاریخ دریافت: ۱۳۹۹/۰۷/۲۱ تاریخ پذیرش: ۱۳۹۹/۰۹/۱۸

## چکیده

بدون شک تحقیق و پژوهش در خصوص تاریخ و ادبیات گوران یک وظیفه ملی و میهنی است که شایسته‌ی تحقیقِ ویژه توسط محققین ما می‌باشد. چراکه آثار بسیاری در ادبیات کردی هست که در این زمینه نوشته شده است، علی‌الخصوص هر دو بخش ادبیات هورامی و کاکه‌یی (ماچو)ی آن. بر این اساس منطقه‌ی کاکه‌یی‌ها نیز محال وسیعی از شهر کرکوک را به خود اختصاص داده و دیر زمانیست که در این محال زندگی می‌کنند. به دلیل بسیاری از ناملایمات و رویدادهای ناگوار در این محال و کردستان شرایط ناخوشایندی برایشان فراهم شده است، اما در تمام جریانات و جنبش‌های کردی به شکل‌های مختلف حضور داشته‌اند. شاعران این مردم نیز در تمام مراحل و ادوار تاریخی با گفتن شعر همراه و همگام با جنبش‌های کردی بوده‌اند. شاعران این خطه با شعرهای زیاد خود در میدان ادبیات حضوری فعال داشته‌اند؛ خمیرمایه‌ی شعری ایشان بیشتر در باب میهن پرستی، ملی‌گرایی و آیین کردی است. این مهم مرا ترغیب کرد تا این پژوهش را فراهم کنم. چکیده‌ی آن شامل مختصری از شرایط کرکوک در زمینه‌ی شعر و آوردن چند نمونه شعر از شاعران کاکه‌یی همچون: خلیل منور، ملافتوش، ملا عباس حلمی، هجری دده،...است؛ همچنین آوردن چند نمونه شعر مرتبط با موارد مورد بحث.

**کلید واژه:** شعر، کاکه‌یی، کرکوک، گوران، یارسان.



[1] دکترای تاریخ از دانشگاه سلیمانیه

# دەستەی شاعیرانی کاکەیی ناوچەی کەرکووك

محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری) [١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٠/١٢ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/١٢/٠٨

**پوختە**

گومانی تێدا نییە کە لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن لەسەر ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، هەقە لێکۆڵەرەوانمان ئاوڕێکی لێ بدەنەوە، چونکە بەرهەمێکی زۆری ئەدەبیاتی کوردیی پێ نووسراوەتەوە، بەتایبەتی هەردوو بەشە دیالێکتی هەورامی و کاکەیی "ماچۆ". بەو پێیەی ناوچەی کاکەییش ناوچەیەکی فراوانی شاری کەرکوکی گرتووەتەوە و لە دێرزەمانەوە کاکەییەکان لەوێ نیشتەجێ بوون. لە هەموو ناخۆشی و کارەساتەکانی ناوچەکە و کوردستاندا پشکێکی زۆریان بەر کەوتووە، لە هەموو بۆنە و ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی ئازادیخوازی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک هەڵوێستی جوامێرانەیان هەبووە. شاعیرانیشی لە هەموو قۆناغەکاندا ئەو هەڵوێستەیان نواندووە و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. کۆمەڵێ شاعیر بە کۆمەڵێ ناوەڕۆکی شیعرییەوە لە مەیدانی ئەدەبیاتدا حزووریان هەبووە، ناوەڕۆکە شیعرییەکانیان بۆ کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی کوردان تەرخان کردووە. هەر ئەوەش بووە هاندەرم کە ئەم توێژینەوە ئامادە بکەم. کورتە و پوختەکەی بریتییە لە کورتەیەکی بارودۆخی کەرکووک و بواری شیعری بە نموونە هێنانەوەی چەندین شاعیری کاکەیی وەک خەلیل منەوەر، مەلا فەتۆش و مەلا عەباس حیلمی و هیجری دەدە، تاد هێنانەوەی چەندین تێکستی شیعری کە ئاماژە کراون بەو ناوەڕۆکە شیعرییانە.

**کلیل وشە:** شیعر، کاکەیی، کەرکووک، گۆران، یارسان.

The Quarterly Journal of Shinrwe

١- مامۆستای بەشی کوردی بوو لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی، چەند مانگێک لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد. لێرەوە دروودی بێپایان بۆ ڕۆحی پاکی دەنێرین. ئەم بابەتە لە ڕێگەی دکتۆر هۆگر شێخ مەحموود و مامۆستا ئەیووب ڕۆستەمەوە گەیشتۆتە نوسینگەی وەرزنامەی شنروێ، سوپاس بۆ هەردوو مامۆستا، دەستیان خۆش بێت.

# A group of Kakaee poets in the Kirkuk region

Mohammad Ahmad Saeed (Kasas Jabari) [1]

Recive data: 2020/10/12 Accpte data: 2020/12/08

**Abstract**

There is no doubt that the study of the literary works of Gurani dialect is part of our national duty, researchers must pay attention and investigate about it because there is a great literary production in Kurdish literature written in this dialect, especially the two subdialects of Hawrami and Macho. Kakaees mainly inhabited in Kirkuk region, the Kakaee region covers a large part of the Kirkuk city, they settled this area a long time ago. They shared all the tragedies and disasters that befell in the region, and they also contributed actively in the liberation movement of the Kurdish people, these attitudes and struggles are reflected in their poems. There is a group of Kakaee poets who played an important role in the field of literature, and were interested in their poems about national issues and Kurdish religion as well. For this reason, I prepared this paper, I explained briefly the situation of Kirkuk region in terms of poems and literature. I investigated about some Kakaee poets such as Khallil Minawar, Mala Fatosh, Mala Abas Hilmi, Hijri Dada,.. etc. I also provided some examples of their poems.

**Keywords:** Poem, Kakaee, Kirkuk.Guran.Yaresan.



1- PhD in History from Sulaimaniyah University

**سەرتا**

کەرکووک بەو پێیەی کە شارێکی کوردستانییە و لە دێرزەمانەوە کورد وەک کۆمەڵێکی زۆرینە تیایدا نیشتەجێیە، لە زۆربەی ڕووداو و کارەساتەکاندا هەمیشە پشکی شێری بەر کەوتووە. هەروەها لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی، هەروەها لە پاراستن و گەشەی شارستانیەتدا هەمیشە حزووری بەرچاوی هەبووە. لە هەموو ئەو ڕووداو و بارودۆخانە و ڕەوشەکەیدا هەمیشە هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە. لە باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریشەوە ڕۆڵ و دەوری خۆی هەبووە. بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیدا (شیعر)، لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیشدا زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی پێ بەخشیوین. مێژووی ئەدەبەکەشی بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە هەر لەسەردەمی یارسانەکانەوە ناو شاری کەرکوک و دەوروبەرەکەی چەندین شاعیری مەزنی تیدا هەڵکەوتووە. هەر لە پیر ئەحمەدی کەرکوکییەوە تاوەکو مەلای جەباری، فەقێ قادری هەمەوەند، صابری، لوتفی، شاکەلی و چەندین شاعیری ناوچەی کاکەیی: وەک هیجری دەدە، خەلیل منەوەر، سید عەباس حیلمی و چەندانی تر کە بە شیعر و بەرهەمەکانیان لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردییان ڕۆشن کردووەتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ناوچەی کەرکووک و دەوروبەری لە سەردەمانێکدا شێوەی ئاخاوتنیان دیالێکتی گۆران بووە. دیالێکتی گۆرانیش وەک دیالێکتێکی سەرەکیی زمانی کوردی لە قۆناغێکی مێژوویی دێریندا بەشێکی ئەدەبیاتی کوردیی پێ نووسراوەتەوە، کۆنترین بەڵگەش ئەو سروود و پەند و ئامۆژگارییانەی پیر شالیاری زەردەشتییە، هەروەها هەموو ئەو شیعر و دووبەیتییانەی شاعیرانی ئایینی یارسان کە زیاتر لە خزمەتی کۆمەڵی کوردەواریدا بوون، لە هەمەڕەنگی ناوەڕۆکی وەک ئایینی و کۆمەڵایەتی و پەند و ئامۆژگاری بۆ کوردان بووە.

ئەم دیالێکتە بەهۆی کۆمەڵێ فاکتەری وەک دەسەڵات و ئایین و باری جوگرافیاییەوە ئەو ماوە زۆرە بووە بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی و پەلی هاویشتووە بۆ ناوچەیەکی بەرین و فراوانی کوردستان هەر لە باکووری بەغدا و ڕیزەشاخەکانی حەمرین و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و زێی بچووکەوە بەرەو سەروو و ڕۆژهەڵات تا ڕیزە شاخەکانی هەورامان لە سنووری عێراق ئێران نێوان زێی بچووک و ڕووباری سیروان بە ناوچەی گۆران لە قەڵەم دراوە، تاکە فاکتەری سەرەکیش بۆ فراوانبوونی ئەم دیالێکتە میرنشینی ئەردەڵان بووە.(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٩٠)

کەرکووکیش بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەرییەوە لەو سەردەمانەدا دانیشتووانەکەی بەم دیالێکتە دواوە بەتایبەتی زمانی ئەدەبی(شیعر)، لەقۆناغە جیاجیاکاندا کۆمەڵێ شاعیر کە لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، وەک پیر ئەحمەدی کەرکوکی، ڕەنجوری، مەلای جەباری، فەقێ قادری هەمەوەند و هیی تریشی تێدا هەڵکەوتووە.

دیالێکتی گۆران کە بریتییە لە چەندین بەشە زاری وەک هەورامی، کەنوورلەیی، گەهوارەیی، باجەلانی، کاکەیی و زەنگەنە هەر یەکە لەمانە لە شوێن و ناوچەی جیاجیای کوردستاندا، لە چوارچێوە و سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا، زمانی ئاخاوتنی دانیشتوان بووە.

لەباری ئەدەبیشەوە(شیعر) هەورامییەکەی بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە کە ئاماژەی پێدراوە کۆمەڵێ لە شاعیران شیعریان پێ هۆنیوەتەوە.

بەو پێیەی کە کاکەیی یەکێکە لەو بەشە دیالێکتانەی گۆران لە ڕووی نەتەوەوەیشەوە کۆمەڵێ خەڵکی کوردن و لەچەندین ناوچەی کوردستاندا بە درێژایی مێژوو ژیاون و بەو بەشە دیالێکتە قسە دەکەن.

زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و نووسەرانی وەک د. کەمال فوئاد و جەمال نەبەز و د. مارف خەزنەدار و چەندانی تر لەسەر ئەوە کۆکن کە زۆربەیان لە دەوربەری شاری کەرکووک و گوندی هاواری ناوچەی هەڵەبجە و خانەقین و ڕۆژهەلاتی موسڵ نیشتەجێن. (فوئاد، گ. زانیاری، ژ۳: ۲۱) (نەبەز،۱۹۷٦: ۲۲) (خورشید، ۱۹۸٥: ۷۱-۷۲)

کەواتە دیراسە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەم و ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییمانە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای میللەتی کوردا، چونکە دیالێکتی گۆران بە هەموو بەشەکانییەوە دیالێکتێکی بنجی و بنەڕەتی زمانی کوردیە. (کەساس جەباری، ۲۰۰۸: ۱۹)

دیالێکتی گۆران بە هەموو بەشەکانیەوە کە کرۆک و جەوهەری ئەو شیعرانەی پێ نووسراوەتەوە، پڕە لە کۆمەڵێ بابەتی وەک لیریکی و هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و بابەتی ئایینی لەخۆ گرتووە. لە ناوچەی کەرکووکیش کۆمەڵێ شاعیرمان هەیە بە درێژایی چەندین سەدە لەو ڕووەوە بەرهەمیان ئەفراندووە. ناوچەکەش بۆ ماوەیەکی زۆر سەر بە قەڵەمڕەوی ئەردەلان و بابان بووە. هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم شاعیرانی ئەم ناوچەیە جگە لە شێخ ڕەزا هەر بە دیالێکتی گۆران شیعریان نووسیوە، ئیتر لەوە بەدوواوە بە دیالێکتی کرمانجیی ناوەندی(سلێمانی) شیعریان هۆنیوەتەوە. ئەو دیالێکتەی بە هاتنی نالی و سالم و کوردی بوو بە زمانی دەربڕینی شیعری ناوچەی بابان وەک شێخ

ڕەزای تاڵەبانی، صابری شێخ محمد خالص، تاهیر فوئاد، شاکەلی و لوتفی، ئەسیری و مامەند کەرکوکی و چەندانی تر هەر لەدوای مەلای جەبارییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووکەوە قۆناغێکی تر هاتە ئاراوە و لەسەر ئەو ڕێوشوێنەی ئەو دیالێکتە ڕۆیشتوون. (سەعید، ٢٠٠١: ١٩٧)

هاوزەمان لەو سەردەمەدا هەر لە ناوچەی کەرکووک کاکەیی(*)، دەستەیەکی تری شاعیرانی ئەوێ هەر لەسەر ڕێچکە پێشووەکەی گۆران مانەوە و لە شیعرگوتندا بەردەوامییان پێی دا. چونکە شێوەی ئاخاوتنیان کاکەیی (ماچۆ)ی بەشە دیالێکتی گۆران بووە کە لە شێوەی شیعری یارسان و ئەهلی حەق و کاکەیی بووە. کاریگەری ئەو دیالێکتەیان لەسەر بووە ئەم کاریگەرییەش لە بەردەوامبوونیدا ڕۆڵی خۆی بینیوە.(سەعید، ٢٠٠١: ٤٩)

ئەم دەستەیەی شاعیرانی کاکەیی ماوە و قۆناغە مێژووییەکەی دەکەوێتە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە. کە تیایدا شاری کەرکووک لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی و داگیرکاری بریتانی و دەسەڵاتی عێراقی پاشایەتیدا بووە کە قۆناغێکی ئاڵۆز و سەخت بووە سەبارەت بە کوردستان بەگشتی و ناوچەی کەرکووک بەتایبەتی.

لە سەردەمی عوسمانیدا ئەو ناوچەیە هەمیشە بەدەست زوڵم و زۆری دەوڵەتەوە ناڵاندوویەتی هەڵوێست و ڕێزی خەڵکەکە و ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەندە بەهەند وەرنەگیراون، ئەوەندەش بایەخ بە ڕۆشنبیری و کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی نەدراوە. عوسمانییەکان هەمیشە کاریان بۆ خۆیان و هەوادارانی خۆیان کردووە. لە باری پەروەردەیی‌و ڕۆشنبیرییەوە قوتابخانەیان بۆ منداڵانی خۆیان کردووەتەوە، وەک سوڵتانییە و ڕوشدییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی خۆیان و پێگەیاندنی کارمەندی مەدەنی و سەربازی، ئەگەر کوردەکانیش تیایدا بەشدارییان کردبێ ئەوا زۆر بەکەمی بووە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. هەروەها لە دوا قۆناغەکانی دەسەڵاتیشدا لەبەر ئەوەی کە بەرە و شکست و ڕووخان چووە دەستی داوەتە تاڵان و برۆکردنی ناوجەکە و پەلکێش کردنی گەنجەکانی بۆ شەڕی سەفەربەرلک لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانییش کە بە داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کۆتایی هات، دیسان خەڵکەکە تووشی نەهامەتی و قاتوقڕی و گرانی هاتووە، کە دەرەنجامی کردەوەکانی عوسمانی بوون. بە هاتنی ئینگلیزیش و دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایی عێراق دیسان هەردوو دەوڵەت هەڵوێستیان ئەوەندە لەگەڵ داخوازی و خواستەکانی گەلی کوردا نەبووە. هەمیشە دژایەتیی کراوە، ئەنجامی ئەمەش ڕوودانی چەندین پێکدادان و شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری لێ کەوتووەتەوە، دیسان بووە مایەی بەش مەینەتی ناوچەکە کە خۆی لەبەر

بەزۆر لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە بینی لەو دەمەدا مایەی قبوولکردنی خەڵکی ناوچەکە نەبووە. هەموو ئەو بارودۆخە دوو دیاردەی نالەباری هێنایە گۆڕێ، ئەویش چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی. بەو پێیەی ناوچەی کاکەیش کە هێڵی پێکدادانی نێوان کورد و عەرەب بووە، عەرەب وەک خاوەن دەسەڵات و کوردیش وەک خاوەن شۆرش و پێداگری لەسەر مافەکانی خۆی کردووە، هەموو ئەم ململانێی نەتەوایەتی و چینایەتییەی بارودۆخی ئاڵۆزی کەرکووک لە بەرهەم و ئەدەبیاتی ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە. ناوچەی کاکەیی بەگشتی و شاعیران و ڕۆشنبیرانی بەتایبەتی بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کێشە و مەسەلە ڕەواکانی کورددا بوون. وەک بەشێکی نەتەوەی کوردیش هەرگیز لە هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بەو زوڵم و ستەمەی لە کورد دەکرێ لە بەرەڤانیکردن لە کێشە ڕەواکانی کورد درێغیان نەکردووە، هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە بوون بۆ داکۆکیکردن لە کێشەکەی، تەنانەت تاوەکو ئێستایش لە خەتی تەماسدان و قوربانیەکی زۆریشیان داوە.

بۆیەکا دەبینین لەو قۆناغەدا هەڵوێستی شاعیرانی کاکەیی سەبارەت بە هەموو کێشەکانی ژیانی کوردەواری لە شیعرەکانیاندا ڕوون و ئاشکرایە کە ناوەرۆکە شیعرییەکانیان لەپاڵ بابەتە ئاینییەکەدا خۆی لە بابەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەدا دەبینێتەوە، هەمووشیان هەر بۆ کورد و کێشە ڕەواکەی بووە. دەکرێ ئاماژە بەم شاعیرانە بدەین وەک خەلیل منەوەر و هیجری دەدە و مەلا عەباس حیلمی و یەسو ساوک و چوپان و مەلا فەتۆش و مەلا زەینەڵ و حەویش. بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم زاتانە لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردیدا حزووریان هەبووە. دەکرێ وەک سەرەتایەک ئاماژە بە بابەتی ئایینی بدەین.

**ئایینی**

لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەک باقی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر بە تایبەتی لە شیعردا بابەتی ئایینی وەک تاکە بابەتێک پانتاییەکی فراوانی گرتۆتەوە. لەم بارەیەوە بەرهەمێکی زۆریان هەیە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانیدا پەیرەویان کردووە. شاعیرانی کەرکووکیش وەک بەشێک و دەستەیەکی شاعیرانی کورد بەهەمان شێوە مەسەلە و باوەڕی ئایینی لای ئەوان بابەتێکی سەرەکی بووە. بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵی کوردەواری هەر لە مێژەوە کلتووری ئایینی کاریگەری لەسەر بووە، پیرۆزی ئایین وەک نەریتێکی باو لەو کۆمەڵگایەدا ماوەتەوە و بایەخی پێ دراوە و پیرۆز ڕاگیراوە، لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی کەرکووکدا و لەم بوارەدا دوو تێڕوانینی ئایینی بەرچاو دەکەوێ:

**یەکەمیان:** لای ئەو دەستە شاعیرەی کاکەییە کە لە بنەچە و ڕەگوڕیشەدا بۆ ڕێبازی ئایینی یارسان و ئەهلی هەق و عەلی ئیلاهی دەگەڕێنەوە. لە دەقەکاندا ڕەنگ و بۆی ئەو باوەڕ و ئایینەی یارسانیان پێوە دیارە.

**دووەمیان:** لای ئەو شاعیرانەی کە کاریگەریی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و باوەڕی سۆفیگەری و ڕێبازە جیاجیاکانیان لەسەر بووە، لە سەرچاوە و باوەڕی ئیسلامییەوە هەڵقوڵاوە. باسەکانیان و شیعرەکانیان دەربڕی بیروبۆچوونی ئیسلامی و ڕازونیاز و خواستی پیاوچاکان و ستایشی ئایینی ئیسلام و نزا و پاڕانەوەن، ڕاگرتنی پیرۆزیی ئیسلامیان پێوە دیارە. (نامەی، ٢٠٠١: ١٦٤)

لای دەستەی شاعیرانی کاکەیی بە ئاشکرا پەیڕەوی ئایینی یارسانیان کردووە و زۆر جار لە دەقە شیعرییەکانیاندا بە ستایشی پێغەمبەر و ئیمامی عەلی و یارانی خۆیان موتوربە کردووە، هەندێ جار خۆلادان لە تانە و تەشەری موسڵمانەکان، باوەڕی ئیسلامی خۆیان تێکەڵ بە باوەڕەکەی خۆیان کردووە. مەلا عەباسی کاکەیی (سەعید، ٢٠٠١: ١٥٧-١٥٨) لە دەقێکی شیعری خۆیدا باس لە ئایینی یارسان دەکات و لە دووتوێیدا ئاماژە بە ئیمامی عەلی و سەلمانی فارسی کردووە. کە لای ئەوان پیرۆز و باڵان، ستایشێکی بەرزی ئیمامی عەلی کردووە، سەرکەوتنی ئایینەکەی بەوەوە بەستووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە نووسراوی سەرەنجامی یارسان کردووە و بە دەرمانی دەردەکەی دادەنێ، دەڵێ:

یاران گۆیانەن ... زوبانم جە لەوح عەلی گۆیانەن
عەلی یولئەعلا وێردی زوبانەن کافران جە خون تیغش لەرزانەن
چ حاجەت وە حەق واتەی بەیانەن عالمان جە عیلم ئەو سەرگەردانەن
عیلمش بێ پایان بەحر عومانەن کوشندەی کوفار شاهو مەردانەن
چویار شوینش کاکە سەلمانەن نامش مونەقەش تاق ئەیوانەن
ئەو سەرەنجامە بەندەت عوسیانەن قەترەیێ جە لوتف پەرێم دەرمانەن
(کاکەیی، ١٩٨٤: ٣٨)

زۆربەی شیعرەکانی مەلا عەبباس لە شێوەی نامەی شیعریدایە، یان لە شوێنێکی تردا باس لە پەرەوازەیی یارانی ئەهلی هەق دەکات کە چۆن لەلایەن ناحەزانەوە دژایەتی دەکرێن و ئەوەشی خستووەتە گەردنی ئەو دۆخە ناهەموارەی کورد تێیدا دەژی و لەو ڕوانینەوە گلەیی و بێزاری خۆی دەردەبڕێ.

یارستان چۆنەن... بزاندی ئەحواڵ ئەی دنیا چۆنەن
فیرقەی ئەهلی حەق بەختش پەرگەندەی شاران گێژ گەردونەن

The Quarterly Journal of Shinrwe

بەدان سەرفراز روبع مەسکونەن          مێر و نیک دایم جگەر پڕ هونەن
بنیاد و بەدان وە بێ ستوونەن          ئاخر سەرەنجام یەکسەر نیگونەن
(کاکەیی، ١٩٨٤: ٢٨٧-٢٨٨)

خەلیل منەوەریش(کاکەیی، نەریمان،٢٣: ١٩٨٤-٢٤)، (نامەی دکتۆرا، ٢٠٠١: ١٥٢) وێڕای ئەوەی کە کاکەیی و ئایینی یارسانی کوردی باوەڕێتی. باوەڕی تەواوی خۆی بە تاک و تەنها خودا و موحەمەد دەردەخات:

ئیمانم هەنە خوداوەند یەکەن          محەمەد ڕەسول بێ رەیب و شەککەن
ختم المرسلین گشت پێغەمبەرەن          شافع الأمة رۆژ مەحشەرەن
(کاکەیی، ٢٠٠٦: ١٣٢)

زۆر جار شاعیرانی کاکەیی لە بارەی باوەڕ و ئایینییەوە لە تێکستەکانیاندا وێڕای ئایینی یارسان ئاماژە بە ئایینی ئیسلام دەکەن. ئەوەش هەم بۆ ئەو تێکەڵییەی لەگەڵ موسلماندا هەیە و هەمیش بۆ داپۆشینی باوەڕەکەی خۆیانە. ئەوەتا مەلا فەتۆش(**) بەم جۆرە باوەڕە ئایینیەکەی دەربڕیوە.

وە گەڵای گاڵەن...          شەرت موسڵمانیم وە گەڵای گاڵەن
فتح الله مسکین ئێدش خەیاڵەن          نوور کەسێ دارۆ یانەش بێ قاڵەن

**بابەتی کۆمەڵایەتی**

شیعر وەک پەیامێکی کۆمەڵایەتی و وەک بابەتێکی گرنگ بۆ دەربڕینی ڕێنماییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەبنە پەیام و خزمەت بۆ مرۆڤ و کۆمەڵ، لە کات و شوێنی خۆیدا تەنگژە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو. چونکە بەرهەم و زادەی بیرێکی ڕەسەن و پێشکەوتووی کەسانێکی ژیر و لێهاتووە. خێراتر و دەس وبردتر هەست بە گرفتو تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بەو زمانە شیعرییەی خۆیان بە مەبەستی خستنەڕوو و لێدوان لەو کێشانە دەری دەبڕن لە پێناو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان.

کەرەسەی دەربڕین لای شاعیر شیعرە بە هۆیەوە ڕاستی ڕووداوەکان و بارودۆخی خۆی و کۆمەڵەکەی ڕاستگۆیانە دەردەبڕێ. هەر ئەو کەرەسەیەش دەبێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی.

کوردەواریش بەو پێیەی مێژوویەکی پڕ تەنگوچەڵەمەی هەبووە. بەو پێیەی بە درێژایی مێژوو لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاریدا ناڵاندوویەتی چ لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و فارس و پاشان داگیرکاریی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی. دەبینین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا فەرامۆش و پشتگوێ خراوە و تووشی

چەندین واقیعی تاڵ و ناهەموار بووە. ئەمەش وای کردووە کە زۆرێک لە بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەست بدات. بووەتە هۆی دواکەوتن و سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نامۆو دزێو تیایدا. لەو قۆناغانەشدا شاعیران زوو هەستیان بەو بارە ناهەموارە کردووە. لە ئاست هەموویاندا هەڵوێست و ڕای خۆیان هەبووە و بە شیعر دەریان بڕیوە.

هەر بۆ نموونە، داگیرکاریی عوسمانی پێش ڕووخان و هەڵوەشانەوەی، خەڵکی ناوچەی کەرکووکی ڕاپێچ کردووە بۆ ناو کورەی شەڕ و مەیدانی جەنگی جیهانی. خەڵکی نیگەران کردووە هەروەها داگیرکردنی شارەکە لەلایەن ئینگلیزەوە کە بووە بە هۆی تێکدانی باری کۆمەڵایەتی شارەکە و دەوروبەری و شەڕ و ئاژاوە و ململانێی نێوان توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری. زۆربەیان لە ناوەڕۆکە شیعرییەکانی شاعیراندا ڕەنگیان داوەتەوە بەتایبەتی لای شاعیرانی کاکەی. ئەوەتانێ خەلیل منەوەر بەم جۆرە ئەو دۆخە دەردەبڕێ:

لە دەست عوسمانلی گشت نەمەنن ئەرکان گشت سەر وە قوڕ چاو بە گریانین

زەبتیەی عەسکەری ئەوەند غەدارەن پەی تاڵانی خەڵک دایم نەکارەن

(کاکەیی، ٢٠٠٦: ١٥١)

ئەمە ئەوە دەردەخات کەوا عوسمانلیەکان دوای شکستی خۆیان دەستیان کردووەتە تاڵانی خەڵکی، و تا ئێستاش پیاوە بە تەمەنەکان ئەو کارەساتانە بۆ نەوەکانی خۆیان دەگێڕنەوە.

یان لە شوێنێکی تردا باس لە تێکچوونی بەهاکان دەکات. ناکۆکی نێو کوردەواری دەردەخات، دەڵێ:

ئاخر زەمانەن.......... یاران نیشانەی ئاخر زەمانەن

نیزاع عەشرەت جوملەی جیهانەن طائف الملوک ڕۆم و ئێرانەن

فەرزەند وە بابۆ بێ موراعاتەن رەعیە وە سەردار بێ ئیطاعەتەن

جاری شەخصیە جاری ئەصنافی عوسمانلیون بۆ در انصافی(کاکەیی، ٢٠٠٦: ١٣١-١٣٢)

یاخود:

گوم ببەن ئیجرای عەدل و عەدالەت

سەردان نەعام زوڵم و زەلالەت

هامسا وە هامسا مەکۆ خیانەت

ئەمەندەن ئەرکان ئەمنو ئەمانەت(کاکەیی، ٢٠٠٦: ١٣٢)

شاعیری کاکەی محمد چوپان(کاکەیی، نەریمان، ١٩٨٤: ١٤١) یش بەم شێوەیە کە لە شێوەی شیعرێکی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی بیرێکی سیاسی و ڕەخنەئامێز دۆخی خۆی و گەلەکەی دەردەبڕێ:

وەلحاصل حاڵمان وە جرت و فرەن    جە دەس گومڕاهان حاڵمان شڕەن
گرۆی ئینگلیزان عێراق فەرهود کەرد    سەرووەت موڵک و ماڵ گشت پەی وێشان بەرد
رەئیس مەجلیسمان ئینگلیزەن سەروەر    پەوکە حاڵ فەقیر یاوان وە خەتەر

(کاکەیی، نەریمان، ١٩٨٤: ١٤١)

لەم شیعرەیدا ڕەخنە لە دارودەستەی داگیرکار دەگرێ ئەنجامەکەش ڕوون دەکاتەوە کە چەند زیانبەخشن بۆ هەژاران و بێدەرەتانان.

هەر لەنێو بارە کۆمەڵایەتیەکەشدا شاعیری کاکەیی هەیە کەوا لەو بارە کۆمەڵایەتییە دژوارەی کوردا ڕەهەندێکی چینایەتی باس دەکات لە ڕووی ئایدیۆلۆژیای مرۆڤایەتییەوە کە ئەویش چەوسانەوە و هەژاری و بێدەرەتانی خەڵکە، کە ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە دزێوە هێناوێتیە ئاراوە .

شاعیر لە بەرامبەردا هەڵوێستی چینایەتیی خۆی دەربڕیوە و ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە ڕەت دەکاتەوە خۆی بە پشتیوانی هەژاران لەقەڵەم دەدات. یەسو ساوک چوبان(کاکەیی، ١٩٩٠: ٧٨) بەم جۆرە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردووە.

برا فەقیرم، برا فەقیرم    برا چە سەرحەق من تای فەقیرم
فەقیرەن کاکۆم فەقیر باپیرم    فەقیر دایەمەن فەقیرەن پیرم
فەقیر برامەن فەقیرەن یارم    فەقیر خێشمەن فەقیر دەس بارم
فەقیر گشت کەس و برا و باوانم    فەقیرەن مامۆو میمزا و خاڵوانم(کاکەیی، ١٩٩٠: ٨١)

## بیری نیشتمانی و نەتەوایەتی و سیاسی

نیشتمان وەک شوێنەزا بۆ ئادەمیزاد یان هەر بوونەوەرێکی تر هەمیشە سەرچاوەی گوزەران و فەڕ و خۆشییە. مرۆڤ کە چاوی بە نیشتمان هەڵدێنێت، سۆز و بیر و هەستو خەیاڵی ئاوێتەی دەبێت و خۆی بە بەشێکی دەزانێ. کۆمەڵی بێنیشتمان یان مرۆڤی بێنیشتمان کەمتر هەست بە بوونی خۆی دەکات، چونکە هەرچی کۆمەڵ و نەتەوە و بیر و ئایدیا هەیە لە نیشتماندا کۆ دەبنەوە. مرۆڤیش پەیامدار و پابەندێتی، ئەوەیە بیری نیشتمانی. بیری نەتەوەییش واتە خۆشەویستی نەتەوە بەتایبەتی لەو دۆخانەی کە بواری نەتەوەیی تێدا تەسک دەبێتەوە، کە لە بەرامبەر نەتەوەدا لەمپەر و گرفت دروست دەبێ و خواست و ئارەزوو و مافەکانی

لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە بەهەند وەرناگیرێت بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتەکەی تیایدا باڵادەستە، ئەم دۆخەش وا لە تاکەکانی نەتەوەی بندەست یان دەستە و چینەکانی دەکات کە سۆزێکی خۆشەویستی بۆ نەتەوە لە ناخیاندا چەکەرە بکات(سەعید، ٢٠٠١: ١٩٨) سیاسەتیش چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، حوکمڕانی یان هونەری حوکمڕانییە.

ئەو بابەتو شیعرەی پەیوەست بێت بە سیاسەتەوە یان بۆنو بەرامەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی چینایەتی یان نەتەوایەتییەوە بێ ئەوا شیعری سیاسییە. ئیتر پەیوەندی بە دەسەڵات و حوکمڕانی ناوخۆ یان دەرەوە بێت، یان هەر بۆچوونێکی تر. واتە بیرەکان تایبەتن بە بیر و بۆچوونی شاعیر خۆی. چونکە شیعر داهێنراوی سۆز و ئەندێشە و گوداز و خەیاڵی شاعیرە.(الوائلي، ١٩٧٨: ١٢٢)

هەر لەم تێڕوانینانەوە باس لەو هەڵوێست و بیرە نیشتمانی و نەتەوایەتی و سیاسییانەی شاعیرانی دەڤەری کاکەیی دەکەین.

لەم بارەیەوە شاعیری کاکەیی خەلیل منەوەر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەمیشە هەڵوێست و باوەڕی لەگەڵ کێشە و مەسەلە نەتەوایەتی و نیشتمانی و سیاسییەکانی ئەو قۆناغەی کوردستاندا هاوڕا بووە. لە شیعرەکانیدا لەپێناو بەرگری لە نەتەوە و نیشتماندا هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە. "لە شیعری کوردیدا کەم شاعیر هەیە ئەوەندەی مەلا خەلیل بەگژ دەسەڵاتی دەوڵەتە چووە، عوسمانلی و زۆرداری و ستەمی ئەو دەوڵەتە دەرهەق بە ڕەشوڕووت و چەوساوەکانی میللەتی کورد. عیسا ئەفەنی کە کارمەندێکی عوسمانلی بووە کردووە بە سونبولی ستەمکاری و خوێن مژین". (فەلەکەددین، ٢٠٠٨: ٧))

بێگومان زۆربەی ئەو شیعرانەی تایبەتن بۆ لە بەرگریکردن لە کورد و مێژووەکەی، ڕەخنەگرتن و تانە و تەشەرن لە حوکمی عوسمانلی ئەو کاتە.

خۆ حوکمی ڕۆمی نەعام دیارەن      مەغدوران پاماڵ دەور غەدارەن
عوسمانلیرک بودر اکرامی      نە شرگی دارۆ و نە کەلانی

(هەردەوێڵ، نەریمان، ١٩٨٤: ٢٠٥)

یاخود دەڵێ:

لە دەست عوسمانلی گشت پەریشانین      گشت سەر وەقوڕ چاو بە گریانین
زەبتیەی عەسکەری ئەوەند غەدارە      پەی تاڵانی خەڵک دایم نەکارە

(هەردەوێڵ، نەریمان، ١٩٨٤: ١٥١)

خەلیل دووربینی و لێکدانەوەکانی بۆ دۆخی کورد لە مێژوودا و لەو قۆناغەی ژیانی خۆیدا هەبووە. ئەوەی زوو زانیوە لە حوکمڕانانی دەوروبەر هۆکاری لەناوچوونی حوکمی کوردین، داویەتیە پاڵ تورک و ئێران..

ئەر شای ئێرانەن ئەر شای تورکانەن هەردووش زەواڵی شاهی کوردانەن

جەلای شای تورکان ئینصاف نەمەندەن خوداوەند ناموس غیرەتش سەندەن

(هەردەویڵ، نەریمان، ١٩٨٤: ١٥٢)

ئەوەی لای خەلیل منەوەر بەرجەستە بووە هەمیشە لە هەوڵی یەکڕیزی کورددا بووە دژی دووبەرەکی خێڵەکی و هۆزایەتی، هەروەها پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی کورد و تورکمان و و لامەبەست بووە. جگە لەو شیعرانەی داستانێکی شیعری دەربارەی کارەساتەکەی شەهیدبوونی شێخ ئەحمەدی مامی شێخ مەحمودی بەرزنجی هەیە. باس لە قارەمانێتی شێخ و درندەیی دەوڵەتی عوسمانلی کردووە کە بە لاواندنەوەی بنەماڵە و شەهیدانی شێخ ئەحمەد و شێخ سەعید کۆتایی پێ دەهێنێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی پابەندبوونی بە کێشە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردەوە بووە. بە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە کە خاوەنی دوو شێوازی تایبەتی خۆی بووە. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و هەجو و داشۆرین کە تیایدا لاسایی کەسی نەکردووەتەوە.(فەلەکەددین، ٢٠٠٨: ١٦)

مەلا عەبباس حیلمی کاکەیش هەڵوێستی نیشتمانی و کوردپەروەرانەی خۆی وا نیشان دەدا دژ بە دەسەڵاتی بێگانە و ڕژێمی پاشایەتی. چونکە ئازار و مەینەتییان بۆ میللەتەکەی هێناوە.

عەسرێ وەی تەور یاران کێ دییەن زوڵم و تەعەدا جە حەد بەرشییەن

دوکان مەحجوز دڵ بێشار بییەن وڵاتان خاپوور کەس دیار نییەن

یەکسەر خائینەن حاکم و نواب بە ئەرزوحاڵم مەنیعەن جەواب

بزورگان تەمام جە غەدار بییەن سەنعەت مەڵا قەڵەم کار بیەن(کاکەیی، ١٩٨٤: ١٧)

بێگومان ڕووداو و کارەساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز دۆخێکی نالەباری و هەژاری بۆ ناوچەکە هێنایە ئاراوە. ئەم دۆخەش لای شاعیرانی کاکەیی کاریگەری خۆی هەبووە لە شیعرەکانیان ڕەنگی داوەتەوە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان تیادا وێنا کردووە. ئەوەتا مەلا زەینەڵ حەویش(کاکەیی،١٩٩٠: ٩٤) (١٨٦٦-١٩٢٢) لە داستانێکی شیعریدا "داستانی ساڵ ئاورای"دا باسی زوڵم و ستەمەکانی سەربازی عوسمانی دەکات کە چۆن تاڵانیان کردووە.

زەبیتەی عەسکەر پەرێ تەعەدا　　　ئەمر سادر کەرد تامولْک بەغدا

بە قووەی سیلاح گشت فەرهود کەردن　　　هەرچیش خێرش بی پەی وێشان بەردن

(کاکەیی، ١٩٩٠: ٩٨-٩٩)

ئەگەرچی لەسەرەتادا بە ستایش و پاڕانەوەیەکی ئاینی دەس پێ دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەر لە خوا دەپاڕێتەوە کە ئەو حوکمەی عوسمانیان تەفروتونا بکات.

خوایە تۆ بە عەشقی ناز نازداران　　　سەرنگون بکەر حوکم شای تورکان

واردەی شیرینش وە زەهر مار بۆ　　　جەرگش نیشانەی تیغ ئاودار بۆ

دەورێ عەدالەت پەیمان عەتا کەر　　　عەسکەر عوسمانلی یەکسەر فەنا کەر

(کاکەیی، ١٩٩٠: ١٠٠)

هەر بە هەمان شێوە شاعیری کاکەیی "محمد چۆپان" ١٨٩٠-١٩٣٥ لە دەقێکی شیعریی خۆیدا هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی دەربڕیوە دژی داگیرکاریی ئینگلیزی ئەو دەمە. هەروەها بۆ حوکمی پێشوتری عوسمانییش هەمان هەڵوێستی هەیە. هەردووکیان ڕەت دەکاتەوە.

پەی بەرشیای تورکان کەردمان زەماوەن

نەزانایم ئینگلیز بەتەر خەراوەن

تفو چە حوکم عوسمانیان تفوو

تفو چە حوکم ئینگلیزان تفوو

تف چە عەساکر گرۆی ئەغیاران

تفو چە ڕەگ و ڕیشەی زۆرداران (کاکەیی، ١٩٩٠: ١٤١)

شاعیرانی کاکەیی لە بوارەکانی تری وەک وەسف و پەروەردەی پەیامی خۆیان دەربڕیوە ئەوەتا مەلا فەتۆش لە شیعرێکیدا وا باس لە خوێندن و سوود و کەڵکی ئەو پرۆسەیە دەکات.

یاران دوورناس یاران دوورناس　　　یاران یاوەران دۆستان دوورناس

بەیدی بواندێ مەودێ وە ئیغماس　　　وە کۆر مەماندێ بێ شولە و ئیفلاس

هەرکەس نەزانەن "وانا" شفاشەن　　　هەم "وانا" نەقاش شیرین نەقاشەن

"وانا" بڵندتر چە کۆهی قافەن　　　"وانا" ئازیزەن یارەن دڵسافەن(کاکەیی، ١٩٩٠: ٨٥)

(هیجری دەدە) (کاکەیی،١٩٩٠: ١٠٨) یش یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستەی شاعیرانی کاکەیی کە بە کوردی و فارسی و تورکمانی بەرهەمێکی شیعری زۆری هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو دەمەدا بڵاوی کردوونەتەوە. کۆمەڵێ شیعری بە هەردوو دیالێکتی گۆران و کرمانجی خواروو هەیە. وەک ڕۆشنبیر و شاعیرێک پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شاعیرانی کەرکووک و سلێمانیدا هەبووە، وەک: لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر هاتوچۆی یەکتریان هەبووە، مردنی پیرەمێرددا کاریگەرییەکی زۆری لەسەری کردووە. تەنانەت لە ماتەمی پیرەمێردا چەند پارچە شیعرێکی خوێندووەتەوە بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی خواروو و گۆران، ئەمەش شیعرە گۆرانییەکەیەتی:

ئیمشەو سەحەردا یەک بانگ خێزا
جە دمای ئا بانگ ماتەم وریزا
پرسیم: چە هاتف ئی ماتەم چێشەن
واتش مەپرسە دەروونم ڕێشەن
تۆفیق پیرەمێرد لوان چە دنیا
پەی سلێمانی یاران واوەیلا
دیم نالی ئاما خاک بە سەر کەردەن
پەی مەردان و شاعیران مەردەن
مەولەوی دڵخون سیاپۆش بییەن
هوشیاران چە غەم وەک مەدهۆش بییەن

(سەجاددی، ١٩٥١: ٥٢)، (سەعید، ٢٠٠١: ١٥٥)

هیجری دەدە کۆمەڵێ بەرهەمی وەک یادگار هیجری و ترکیب بەند بە تورکین. گولدەستەی خزعلیە و رباعیات و تحفەی سلیمانییە بە فارسین کە دیوانی شیعریین.

لەبەر ئەوەی کە زۆرێک لە شاعیرانی ناوچەی کاکەیی شیعریان بە تورکمانی نووسیوە. بەتایبەتی خەلیل منەوەر و هیجری دەدە، بۆیە لای نووسەرانی تورکمانی ناو و شۆرەتیان وا دەرچووە کە ئەمانە شاعیری تورکمانن. باس و نووسینیان لەسەر بڵاو کردووەتەوە. وەک موسا زەکی مستەفا کە بە تورکمانی لە گۆڤاری قارداشلقدا لە دوو ژمارەیدا لەژێر ناوی شاعیرە ونبووەکاندا هەروەها تحسین بهجەت شاکر لە باسی شاعیری جەماوەردا، ناوی خەلیل منەوەریان هێناوە و لەسەریان نووسیوە. (سەعید، ٢٠٠١: ١٥٦)

بۆ (هیجری دەدە)یش نووسەری تورکمانی عبداللطیف بندر اوغلو نووسیویەتی لە ساڵی ١٩٦٠ لە کۆڕێکی ئەدەبی لە بەغدا بۆ ئەدیبانی تورکمان و ڕووناکبیرانی وەک جەواهیری و گۆران، عەرەب و کورد لە بارەی هیجری دەدەوە گوتاریان خوێندووەتەوە.(قرداشلق: ١٩٧١)

## ئەنجام

دەستە شاعیرانی کاکەیی ناوچەی کەرکووک بەشداربوون لەو بزاڤە شیعری و ڕۆشنبیرییەی کەرکووک و بە ناوەڕۆکە شیعرییەکانی وەک نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئایینی و وەسف، هەمیشە هەڵوێستیان هەبووە. شیعرەکانیان کردووەتە پەیامێک بۆ خوێنەر و خەڵکی لە پێناو کێشە چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانییەکاندا.

کاکەییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیای دەوروبەری شاری کەرکووک و ناو شاری کەرکووک لە دێرزەمانەوە نیشتەجێن لە هەموو ڕووداوە مێژووییەکانی کورددا حزوریان هەبووە.

شاعیرەکانیان هەمیشە لە هەوڵی فێربوون و پرۆسەی پەروەردەییدا بوون کۆمەڵێ تێکستی شیعرییان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردووە، هەروەها قوتابخانەشیان کردووەتەوە.

چونکە زۆریان پەیوەندی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵیان لەگەڵ تورکمان و کەمە نەتەوەکانی تردا هەبووە. زمانی تورکمانیشیان باش زانیوە و شیعریان پێ هۆنیوەتەوە. لە ئەدەبیاتی تورکمانیدا و لای هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکانیان ناو و شۆرەتیان هەیە.

لە شیعرەکانیاندا بەتایبەتی لە ئاینی و کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان بە ئایینی ئیسلامیش داوە.

## پەراوێزەکان:

(*) ناوچەی کاکەیی، بەشێکی زۆری دەکەوێتە سنوری باشوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکەوە، سەر بە شارۆچکەی داقوق. تاوغ، لەم گوندانە نیشتەجێن، خۆرس، زەنقر، هەردەویڵ، تۆبزاوە، عەرەبکۆیی، عەلیسەرا، ئەلبومحمد، تل الربعە، دەلسی بچووک، دەلسی گەورە، علوەت پاشا، شوکور جەیران، کە ناوچەیەکی جوگرافیای کەرکوکی گرتووەتەوە. سەدان ساڵەو بەدرێژایی مێژوو لەو گوندانە و لە شاری کەرکووک نیشتەجێن. لە کەرکووکیشدا لە گەڕەکەکانی موسەڵلا، پیریادی، شوریجە، ڕێگای بەغا ژمارەیان بە سەدان هەزار کەس دەژمێررێن. بەر لە هاتنی عوسمانییەکان و عەرەبەکان، لەو ناوچانە ژیاون و خاوەن موڵک و ماڵی خۆیانن. لە دەرەوەی ئەم سنوورەش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ و دەوروبەری خانەقین و هەڵەبجە دەژین.

(**) مەلا فەتۆش فتح الله مەدیش کاکەییە، لە ساڵی ١٨٦٣ز لە کەرکووک لە گەڕەکی موسەڵڵا لە خێزانێکی هەژار هاتووەتە دنیاوە، لای مەلاکانی ئەو وەختە لە حوجرە خوێندوویەتی وێڕای کار و پیشەی دارتاشی هەمیشە بایەخی بە خوێندن داوە قوتابخانەیەکی کردووەتەوە و دەرسی تیادا داوەتەوە، لە ساڵی ١٩١٩ هەر لە کەرکوک کۆچی دوایی کردووە.

## سەرچاوەکان


١. ابراهیم الوائلی (١٩٧٨). تأريخ الشعر السياسی فی العراق فی القرن التاسع عشر، بغداد.
٢. ایدن عبدالقادر عبدالجبار، هجری دەدە، دەزگای رۆشنبیری تورکمانی، ١٩٨١.
٣. پیرەمێرد (١٩٥١). عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی سەلمان، بەغداد.
٤. حەمە خورشید، فوئاد (١٩٨٥). زمانی کوردیو دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، گۆڕینی بۆ کوردی عثمان قادر.
٥. خەزنەدار، مارف (١٩٨٤). لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بغداد.
٦. فوئاد، کمال (). زاراوەکانی زمانی کوردی، زمانی ئەدەبیو نووسینیان، گ، زانیاری، ژ٤.
٧. فێستیڤاڵی میرزا خەلیل منەوەر. خەلیل منەوەرو دیالێکتی گۆران، د.محمد کەساس جەباری، ٢٠٠٨.
٨. فەلەکەدین کاکەیی، فێستیڤاڵی خەلیل منەوەر، کەرکوک، ٢٠٠٨.
٩. کاکەیی، هەردەوێل (١٩٨٤). کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی. چاپخانەی (اسعد)، بەغدا.
١٠. مجله قارداشلق، الاخاو، ١٩٧١.
١١. محمد أحمد سعید (٢٠٠١).کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
١٢. منەوەر، میرزا خەلیل (١٩٨٤). خەلیل منەوەر شاعیری چەوساوەکان، هەردەوێل کاکەی، مستەفا نەریمان.
١٣. منەوەر، میرزا خەلیل (٢٠٠٢). دیوان شیعر، کۆکردنەوەی هەردەوێل کاکەی، پێشەکی فەلەکەدین کاکەی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٤. نەبەز، جەمال (١٩٧٦). زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.
١٥. هەردەوێڵ کاکەیو مستەفا نەریمان، (١٩٨٤). شاعیرە ناودارەکانی کاکەیی. بەغدا.